Published on *Institute for War and Peace Reporting* (https://iwpr.net)



# سامانێکی بەهەدەرچوو

**Author:** IWPR

لەسەر ئستیغلالکردنی نەوت لە عێراق (IWPR) راپۆرتی تایبەتی ئەینستیتۆی رۆژنامەوانی جەنگ و ئاشتی
ئاشکرایدەکات کە فەوزا و توندوتیژی و بەکارهێنانی هێز بە شێوەیەکی نامەشروع بۆ پەیداکردنی پارە و قاچاخچێتی بازرگانی (IWPR)
نەوتی عێراقی وێرانکردووە و سەرەنجام ئەو داهاتەی لێی دەکەوێتەوە دەچێتە گیرفانی توندڕەوەکان و بەرپرسە گەندەڵەکانەوە.

تەنانەت ئەگەر وەزعیش باشبێت، وەکو کوردستان کە ئەو ئارامیەی باڵی بەسەرداکێشاوە یارمەتی کۆمپانیاکانی نەوتی داوە کێڵگەی نەوتی نوێ بدۆزنەوە، بەپرسەکان شەڕیانە لەسەر کۆنترۆڵکردنی ئەو سەروەت و سامانە نوێیە.

لە بەسرە دانیان (IWPR) لێپرسراوان لە شاری بەسرە، کە نزیکە لە دەوڵەمەندترین کێڵگە نەوتیەکانی عێراقەوە، لای پەیامنێرانی بەوەدا نا کە تەنها لە مانگی نیسانی رابردوودا بایی پێنج ملیۆن دۆلاری ئەمریکی نەوت دیار نەماوە. ئەوان بە بەفیرۆچوون و بەهەدەرچوون ناویدەبەن. بەڵام خەڵکی ناوخۆی ئەو شوێنە پێیدەڵێن بەقاچاغبردن و دەڵێن میلیشیا شیعەکان و حیزبە سیاسیەکان لەو کارەوە گلاوون.

لە ووتارێکدا بۆ راپۆرتە تایبەتەکە نوسیویەتی، "لە سەردەمانی سەدامدا، وەزارەتی نەوت بە (IWPR) کریستۆف رۆیتەری موحەریری گشتی سومعەیەکی باشی هەبوو، خەڵکانی تەکنۆکراتی بەتوانا تێیدا ئیشیاندەکرد کە حەزیان لە ئیشەکە بوو."

"بەڵام ئێستا ئەو وەزعە وانیە. هەروەکو وەزارەتەکانی تر، ستافی شارەزا لابراون و خەڵکانی نەشارەزا خراونەتە شوێنیان کە بەزەبری پاڵپشتی سیاسی دامەزرێنراوون."

سیستمێکی بەقاچاغبردنی نەوت خۆی لە خۆیدا لە کاتی سەدامدا هەبوو. لە نەوەدەکاندا، کاتێك گەمارۆی ئابوری نەتەوە یەکگرتووەکات بەسەر عێراقدا سەپێنرا، ناردنی بارە نەوتی نایاسایی ئاسانترین رێگا بوو بۆ پەیداکردنی پارە و قاچاخچێتی نەوتیش بەڕەسمی چاوی لێدەپۆشرا. لەوانەیە لێپرسراوەکانی ئەو کارە گۆڕابن بەڵام سیستمەکە هەر ماوە.

قاچاخچیەکی کۆن وتی، "هەمان ئەو شێوازانە بەکاردەهێنین کە لە کاتی سەدامدا بەکارماندەهێنا، ئێستا لە جیاتی بەعسیەکان و جەنراڵەکان، میلیشیاکان و هاوکارەکانیان خەریکی ئەو ئیشەن."

میلیشیاکان و کەسایەتیە سیاسیەکان هەر قۆناغێکیان لە قۆناغەکانی پرۆسەی هەناردەکردن کۆنترۆڵکرددووە - هەر لە دەرهێنانی نەوتەوە لە پاڵایشتگەکان یان بارکردنیان، هەتا تێپەڕاندنی بە تەنیشت پاسەوانەکانی سنوردا و گەیاندنی بۆ کەشتیەکان.

کەشتیەوانێکی تایبەتمەند لە قاچاخچێتیدا وتی، "پێویستت بە یەکێك هەیە پارێزگاریت لێبکات، پێویستت بە دەسەڵات و نفوز هەیە، ئەگینا یەکسەر ئەتکوژن."

وتی ترسی سەرەکی قاچاخچیە ناوخۆییەکان ئەوەیە بکەونە بەردەستی مەفرەزە دەریاییە بەریتانیەکان چونکە ئەوان بە هیچ شێوەیەك بەرتیل وەرناگرن، بەڵام پاسەوانی کەنارە ئێرانیەکان و هێزی دەریایی عێراقی لەو ئیشەوە گلاوون.

کاتێك پاسەوانە کەنارە عێراقیەکان قاچاخچیەکان رائەڕفێنن، قاچاخچیەکان ئەچنە ناو سنورە ئاویەکانی ئێرانەوە و ئیتر لەوێ پۆلیسی عێراقی ناتوانێت شوێنیان بکەوێت.

له ٢٦ نیسانی ئەمساڵدا، دوو پۆلیس کوژران و حەوتی تریش دەستگیرکران کاتێك لەلایەن پاساوانی کەنارەکانی ئێرانەوە تەقەیان لێکرا کاتێك ویستبوویان چەند قاچاخچیەکی نەوت لە دەریادا دەستگیربکەن.

دەڵێن، بارەکە سەقامگیرە بەڵام هەرگیز ئەو باشە نیە. زەویناسان ئەڵێن هەر شوێنێك هەڵدەکەنن (IWPR) لە کوردستان، پەیامنێرانی نەوتی لێ هەڵدەقوڵێت و ئەو ژینگە ئارامەشەی کە هەیە بۆتە هۆی زیادبوونی بەرهەم.

بەڵام ئەم حاڵەتە لێپرسراوانی نەوتی حکومەتی مەرکەزی لە بەغدا سەغڵەتکردووە، گەرچی ئەم سەروەتە کە لە شەنسی ئەو هەرێمە ئۆتۆنۆمەدا دۆزراوەتەوە تەئمین و مسۆگەر نیە. ئەو نادڵنیاییەی دەوری یاسای نەوتی عێراقی نوێی داوە لەگەڵ فشاری گروپە نەژادییە رکابەرەکان کە ناوچەکانیان بەرەکەتی سامانی سروشتی تێدانیە، هەڕەشە لەم سەروەتەی نەوت دەکەن لە هەرێمی کوردستان.

بەڵام پێویستیان بەوە هەیە ئەو نەوتە بگەیەننە بازاڕەکانی جیهان کە ئەم کارەش ووتنی ئاسانە بەڵام کردنی گرانە، بە قسەی پەیامنێرانی (IWPR) لە کەرکوك. لە گوندەکانی خۆراوای کەرکوك کە کورد ئیدیعای ئەوە دەکەن شاری خۆیانە، پیاوانی سەر بە عەشیرەتەکان بۆریە نەوتەکان دەتەقێننەوە و نەوتی لێ دەدزن.

قەیس میفرەجی ٣٤، جوتیار لە گوندی سەفرە، ٦٣ کم خۆراوای کەرکوك وتی، "عادەتەن چەکدارەکان بەشەو دێن و بۆریەکانی هەناردەکردن بۆمبڕێژدەکەن و دەیتەقێننەوە. بەڵام ئەگەر بیانەوێت بیدزن، هەر دەیشکێنن و تەنکەرەکانیانی لێپردەکەن. کەس ناتوانێت ڕێگەیان لێبگرێت."

شکاندنی بۆریەکان تاڕادەیەك ئەوە ڕووندەکەنەوە بۆچی چوار ساڵ دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە، هێشتا رادەی بەرهەمهێنانی عێراق بۆ نەوتی خاو نەیتوانیوە بگاتە ئاستی بەرهەمهێنانی پێش شەڕ کە ٢.٥ ملیۆن بەرمیل بوو لە ڕۆژێکدا. لە ساڵی ٢٠٠٦ دا، تێکڕای رادەی بەرهەمهێنان گەیشتە ٢.١ ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا، بەزۆری لە کێڵگە نەوتیەکانی بەسرە.

ئێستا کەرکوك تەنها ١٨٠ هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا بەرهەمدەهێنێت. ئەتوانێت رۆژانە ٤٠٠ هەزار بەرمیلی تریش بەرهەمبهێنێت کە بە نرخەکانی ئێستای بازاڕی نەوت، حەوت ملیار دولار دەخاتە سەر داهاتی عێراق لە ساڵێکدا.

لە ماوەی نیوەی دووەمی ساڵی ڕابردوودا، ئەو بۆریە نەوتانەی کەرکوك بە بەندەری جیهانی تورکیەوە دەبەستنەوە کە دەکەوێتە سەر دەریای سپی ناوەڕاست- کە دەروازەی سەرەکی هەناردەی نەوتی باکوری عێراقە- تەنها بۆ ماوەی ٤٣ رۆژ نەوتیان رەوانەکرد.
کاتەکانی تر، بۆریە نەوتەکان بێ ئیش کەوتبوون، لە دەیان کونەوە نەوتیان لێدەچوو کە بە درێژایی ٣٢٠ کم لە بیابانەکانی عێراق ئەو کونانەیان تێکرابو.

لێپرسراوەکان رێوشوێنی نوێیان هێناوەتە ئاراوە بۆ پاراستنی بۆریە نەوتەکان، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو کەسانەی دامەزرێنراون بۆ پاراستنیان زۆرجار سەر بە هەمان ئەو گروپانەن کە بۆریەکان تێکدەشکێنن و ئینتیمای عەشایەری لە دڵسۆزی بۆ نیشتمان بەهێزترە، واچاوەڕێدەکرێت کونکردن و دزینی و نەوت و فرۆشتنی بەشێوەیەکی نایاسایی هەر بەردەوام بێت.

شێخ زیاد حەسەن کە پێشتر ئیشی پاراستنی بۆریە نەوتەکان بووە بە پێی گرێبەستی تایبەت، پشتڕاستیکردەوە کە خەڵکی ناوچەکە بۆریەکان تێکدەشکێنن و پارەیان لە نەوتەکە دەستدەکەوێت. هەروەها وتی زۆر لە خەڵکی ناوچەکە پەرۆشییان نیە بۆ رێگرتن لە دزی.

هەروەها ئەوەشی وت، "ئەو خەڵکانە پێیانوایە ئەم نەوتە خزمەت بە ئەمریکا و حکومەتی نوێ ئەکات و سودی بۆ خەڵك نیە."

**Location:** Iraqi Kurdistan
Iraq
**Topic:** Sanctions

---

**Source URL:** https://iwpr.net/ku/global-voices/%D8%B3%D8%A7%D9%85%D8%A7%D9%86%DB%8E%D9%83%DB%8C-%D8%A8%D9%87%E2%80%8C%D9%87%D9%87%E2%80%8C%D8%AF%D9%87%E2%80%8C%D8%B1%DA%86%D9%88%D9%88